# خەڵاتی ئەم دواییەی بیابان و بیری بێگانە

## هاوڕێ باخەوان

گەڕان بەدوای: (ڕووداوە تیرۆریستییەکان)دا
هاوڕێنامە [275] تۆماری دۆزییەوە.

2002-06-26 تەقینەوەی بۆمبێك لە باخچەیەكی شاری هەولێردا، بووە هۆی بریندارکردنی 20 كەس و زۆربەیان منداڵ و ئافرەتن. هیچ لایەنێك بەرپرسیارێتیی ئەم کارە تیرۆریستانەیەی وەئەستۆنەگرت. شایانی باسە ئەمە چوارەمین جارە لەم مانگەدا کاری تیرۆریستی لە ناوچەی هەولێردا ئەنجام بدرێت. (7279)
سەرچاوەی 1, ڕۆژنامەی عەرەبی: الشرق الاوسط 2002-06-28

2002-06-29 پارتی تەواوی ئەو کارە تیرۆریستانەی کەلەم مانگەدا لە شاری هەولێر ڕوویدا، بەکردەوەی ئیسلامییە توندڕەوەکانی تەوێڵە وبیارەی دەزانێت و ئەو ناوچانەی بە تۆرابۆرای کوردی ناوبرد. (7281)
سەرچاوەی 1, ڕۆژنامەی عەرەبی: الحیاة 2002-06-29

2002-07-27 سیخوورانی د.ا لە شاری هەولێر هەوڵی تیرۆرکردنی کەریم ئەحمەد پووری ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتیی شۆڕشگێرانی کوردستانیاندا. لە ئەنجامدا نێوبراو بەخەستی برینداربوو. (7313)
سەرچاوەی 1, ڕۆژنامەی عەرەبی: الشرق الاوسط 2002-08-17

2002-09-12 بەپێی هەواڵی ڕۆژنامە عەرەبییەکان، ئێران مەلا کرێکاری دابەدەست پۆلیسی ئەنترۆپۆڵەوە. نێوبراو بەتاوانی تیرۆر و پەیوەندیی لەگەڵ ڕێکخراوی قاعیدەدا لەلایەن دادگای نەرویژەوە داواکرابوو. (7362)
سەرچاوەی 1, ڕۆژنامەی عەرەبی: الحیاة 2002-09-13

2003-02-12 گیرانی چەند کەسێکی تورکمانی سەربە بەرەی تورکمانی لە هەولێر بەتاوانی تیرۆر، ئەمانە چەندین کەرەستەی تەقینەوەیان پێگیرا. لێپرسراوی ئەمانە کە ناوی عەبدولئەمیر عیززەتە لەناو گیراوەکاندایە. (7485)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2003-02-26 تیرۆریستێکی ئیسلامی لە کۆنترۆڵی زەمەقی خۆیی تەقاندەوە و بووە هۆی کوژران و برینداربوونی 3 کەس کە یەکێکیان ئاسایشی ینك بوو. (7502)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2003-07-04 تیرۆرکردنی 5 کورد لە گەڕەکی وسەڵڵای شاری کەرکوك. (7707)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2003-07-04 چەککردنی بارەگای بەرەی تورکمانی لەشاری سلێمانی، لەم بارەگایەدا 3 ئەفسەر و 8 دەرەجەداری تورکیای تێدابوو و لەلایەن ئامریکییەکانەوە گیران. هەواڵەکان وا ڕادەگەیەنن کە ئەمانە ویستوویانە پارێزگاری کەرکوك عەبدولڕەحمان مستەفا تیرۆر بکەن. ئەم کارەی ئامریکا بووە هۆی دروستبوونی کێشەیەکی دیپلۆماسیی گەورە لە نێوان تورکیا و ئامریکادا. (7706)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2003-09-09 لە ڕووداوێکی تیرۆریستیی خۆکوژیدا، کاتژمێر 21.45 بەکاتی باشووری کوردستان، ئۆتومبیلێکی مینکراو لەنزیك بارەگای هاوپەیمانان لە گەڕەکی شۆڕشی شاری هەولێر تەقییەوە و بووە هۆی کوژرانی منداڵێکی 4 ساڵی و بریندارکردنی 45 کەس و بریندارکردنی 4 لە هاوپەیمانان و زیانی ماڵیش بە نزیکەی 10 خانوو و 10 ئۆتومبیل کەوت. (7735)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2003-09-11 کۆچی دوایی وەزیری دەرەوەی سوید ئەننا لیند بەهۆی هێرشێکی تیرۆریستانەوە، نێوبراو دۆستێکی نزیکی گەلی کورد بوو. (7736)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2003-10-28 تیرۆرکردنی ڕۆژنامەوانی کورد ئەحمەد شەوکەت لە شاری موسڵ، نێوبراو سەرنووسەری ڕۆژنامەی عەرەبیی (بلا اتجاه) بوو. (7756)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2003-12-22 تیرۆریستان هێرشێکیان کردە سەر ئۆردوگای ئەلتاشی ڕوومادی و ئەم هێرشە بووە هۆی کوژرانی 4 کوردی خۆرهەڵات و برینداربوونی زۆرتر لە 10ی تر. (7774)

سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004 لە موسڵ فرۆشتنی ڕۆژنامەکانی خەبات و تەئەخی و ئیتیحاد قەدەغەیە و تیرۆریستە عەرەبەکان لێناگەڕێن هیچ کتێبخانەیەك ئەم ڕۆژنامانە بفرۆشێت. (8765)
سەرچاوەی 1, هاوڕێنامە هاوڕێنامە

2004 بەهۆی تیرۆری عەرەبەکان بەرامبەر کورد، ڕێژەی دانیشتووانی کورد لە ناوچە عەرەبییەکانی ئێراقدا بەرەو کەمی ڕۆیشت و خەڵکێکی زۆری ئەو کوردانە گەڕاونەتەوە ناوچە کوردنشینەکان. (8429)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-02-00 سەرەتای ئەم مانگە: بەبۆنەی هەردوو کارە تیرۆریستییەکەی شاری هەولێرەوە، پرسەیەکی زۆر لە زۆربەی شارەکانی هەموو بەشەکانی کوردستان و زۆرینەی شارە گەورەکانی هەندەران دانرا. (7811)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-02-01 بەهۆی دوو کارە تیرۆریستییەکەی هەولێرەوە، پەرلەمانی کوردستان پرسەیەکی سێ ڕۆژەی ڕاگەیاند لە کوردستاندا. (7807)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-02-01 کاتژمێر نزیکەی 11ی سەرلەبەیانی: دوو هێرشی تیرۆریستیی خۆکوژی بۆ سەر لکی دووی پارتی و مەڵبەندی سێی یەکێتی لە هەولێر، ئەم هێرشانە بووە هۆی کوژرانی سامی عەبدولرەحمان و دوو کوڕی، شەوکەت شێخ یەزدین، ئەکرەم مەنتك، مەهدی خۆشناو و کوڕەکانی، سەعد عەبدوڵڵا، مەحموود هالۆ و هیجران بارزانی لەلای پارتی و شاخەوان عەباس، خەسرەو شێرە، محەمەد بەحرکە، بەهرۆز قەشقە و دیدەوان لەلای یەکێتی و زۆری دیکە. سەرجەمی کوژراوەکان نزیکەی 100 کەس زۆرترە و بریندارەکانیش نزیکەی 200 کەسن. ئەم ڕووداوە ڕێکەوتی یەکەم ڕۆژی جەژنی قوربانی کرد و خەڵکانێکی زۆر لەو بارەگایانە بۆ جەژنە پیرۆزە لە بارەگای حیزبەکان کۆببوونەوە. ڕووداوەکە بووە هۆی تێکدانی بارودۆخی کوردستان و ترسی خستە دڵی جەماوەری کوردەوە. (7806)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-02-04 ڕێکخراوی ئەنسار ئەلسوننە لێپرسراویی خۆیی بەرامبەر هەردوو کارە تیرۆریستییەکەی ڕۆژی 01-02-2004ی شاری هەولێر ڕاگەیاند. (7809)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-02-11 وەزیری ناوخۆی ئێراق نوری ئەلبەدران ڕایگەیاند کە بەدڵنیاییەوە بۆمان دەرکەوتووە کە یەکێك لەو دوو تیرۆریستەی لە 01-02دا لە هەولێر خۆیان تەقاندەوە خەڵکی یەمەنە. (7815)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-02-23 لەشاری کەرکوك ئوتومبیلێك لەلایەن تیرۆریستێکی خۆکوژەوە تەقێنرایەوە و بووە هۆی کوژرانی 7 پۆلیس و برینداركردنی دەیانی تر. (7821)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-03-14 تیرۆرکردنی موعتەسەم عەبدولقادر لە موسڵ لەلایەن ئەنسارولسوننەوە، نێوبراو کارمەندی دەزگای تەندروستی بوو لە کوردستان. (7873)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-03-21 بەهۆی کۆبوونەوەی زۆری خەڵکی و ئاهەنگەکانی نەورۆزەوە هەردوو حکومەتی سلێمانی و هەولێر خۆئامادەکارییەکی زۆریان ئەنجامدا بۆ بەرپێگیریی هەر کارێکی تیرۆریستی. (7876)

2004-03-28 لە شاری موسڵ هەوڵی تیرۆرکردنی نەسرین بەرواریی وەزیری ئیشغالی گشتیی ئێراق درا، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو و ئەم هەوڵە بووە هۆی کوژران و برینداركردنی چەند کەسێك لە یاوەرانی خاتوو نەسرین. نێوبراو یەکەم وەزیری ئافرەتە لە حکومەتی گواستنەوەدا. (7883)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-03-28 خێزانێکی کورد لە کەرکوك کە پێکهاتبوون لە 8 کەس چەند ڕۆژێك لەمەوبەر تیرۆرکران و ئەمڕۆ تەرمەکانیان لە نزیك پردی سێیەمی شاری کەرکوکدا دۆزرایەوە. (7891)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-04-00 پەرلەمانی ئەوروپا ڕێکخراوی کۆنگرەی گەل (پکك)ی خستە لیستی ڕێکخراوە تیرۆریستەکانەوە. (7922)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-04-00 بەهۆی ڕووداوەکانی شارەدێی فەلوجەوە دەیان ماڵباتی کورد لەترسی تیرۆری عەرەب فەلوجەیان بەجێهێشت. (8017)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-04-03 کاتژمێر 22:10 هێرشێکی تیرۆریستی بۆسەر گەڕەکە کوردەکانی شاری کەرکوك. لەم هێرشەدا نزیکەی 11 موشەکی کاتووشا نرا بە گەڕەکە کوردەکانەوە و بووە هۆی گەیاندنی زیانی ماڵی بە چەند خانووبەرەیەك. (7896)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-04-04 هێرشێکی تیرۆریستیی خۆکوژی لە کەرکوك و بووە هۆی برینداربوونی 2 سەربازی ئامریکی و چەند هاووڵاتییەك. (7897)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-04-07 تیرۆرکردنی بەڕێوەبەری لکی هەولێری مانگی سووری ئێراقی عومەر مەنتك و سازان ئیسماعیلی هاوسەری لە کاتی گەڕانەوەیاندا لە موسڵەوە بۆ هەولێر. (7918)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-04-11 کوژرانی 4 تیرۆریست لە شاری کەرکوك. (7916)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-04-13 کچێکی 17 ساڵی کورد بەناوی سیهام قەیرانی کە خەڵکی شێخانە لە شاری دێلفتی هۆڵندا بەتاوانی شەرەف تیرۆر کرا. (7927)

2004-04-14 و ڕۆژانی دوایی: گیرانی 17 تیرۆریستی ئەنسارولئیسلام لە سلێمانی لەلایەن ئاساییشی یەکێتییەوە. (7930
)

2004-04-27 لە موسڵ هەوڵی تیرۆرکردنی هونەرمەند ناسر حەسەن درا، بەڵام تەنها بریندار بوو و لێخوڕی ئوتومبیلەکەی و کەسێکی دی بریندار بوون. نێوبراو بەڕێوەبەری ئێزگەی تەلەڤزیۆنی کەرکوکە. (7993)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-05-06 تیرۆرکردنی هیوا نەجیب بەڕێوەبەری گشتیی کشتوکاڵ لە کەرکوك، لەم ڕووداوەدا شوفێری نێوبراویش کوژرا و خێزانەکەشی بەخەستی برینداربوو. (8006)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-05-17 تیرۆرکردنی عیزەدین سەلیم سەرۆکی کاتیی ئەنجومەنی دەستەڵاتی ئێراقی. (8016)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-05-22 تیرۆریستەکانی کەرکوك موشەکێکی کاتووشەیان گرتە گەڕەکی تەپەی کوردنشین لە شاری کەرکوك، بەڵام تەنها زیانی ماڵیی لێکەوتەوە. (8020)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-05-29 تیرۆرکردنی سابیر محەمەد سابیری سەرۆکی بەرگریی میللی و تیپەکانی ئاگرکوژێنەوەی شاری کەرکوك لەلایەن چەند نەناسراوێکەوە، لەم ڕووداوەدا خێزان و برا و کوڕی نێوبراویش تیرۆرکران. (8029)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-06-00 دەستگیرکردنی تۆڕێکی تیرۆریستی لە هەولێر. (8052)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-06-00 بۆ بەرگریکردن لە ڕووداوی تیرۆریستی لە شاری هەولێر، لە چەند شوێنێکی کەناری شاری هەولێردا هەندێك چاڵ دروستکرا تاوەکو تیرۆریستەکان نەتوانن بەئاسانی هاتووچۆ بکەن. (8078)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-06-00 کۆتایی ئەم مانگە: د.ق یەکەم بڕیاری دژی کورد دەرکرد بەوەی کە ڕایگەیاند پکك تیرۆریستە. (8076)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-06-14 تیرۆرکردنی 5 کورد لە شاری سامەڕا، ئەمانە خەڵکی کەرکوك بوون و لە سامەڕا ئوتۆمبیلەکەیان پەکیدەکەوێت و لەلایەن عەرەبەکانەوە تیرۆردەکرێن و پاشان لاشەکانیان دەسووتێنن و فڕێیاندەدەنە چاڵێکەوە. (8043)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-06-29 هەوڵی تیرۆرکردنی سەرۆکی پۆلیسی ئازادی لە کەرکوك درا بەڵام سەرکەوتوو نەبوو و لە ئەنجامدا پۆلیسێك تیرۆرکرا و هەنێکیش بریندار بوون. (8066)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-07-00 بەپێی هەندێك سەرچاوە نزیکەی 25 هەزار پێشمەرگە ڕەوانەی بەغدا کراوە تاوەکو بەرگری لەو شارە بکەن و کاری تیرۆر کەمبکەنەوە. (8101)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-07-00 بەهۆی ئەو کارە تیرۆریستیانەی لە ئێراقدا ڕوودەدەن، پەیوەندیی نێوان داگیرکەرانی ئێران و ئێراق بەرەو خراپی چوو، چونکە ئێراق داگیرکەری ئێران بەوە تاوانبار دەکات کە پاڵپشتی ئەو تیرۆریستانەیە. (8150)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-07-07 لە شاری بۆخومی ئەڵمانیا هەوڵی تیرۆرکردنی سەعید حەسۆ (مامەند باشوور)ی بەرپرسی پارتی چارەسەری لە ئەوروپا درا، بەڵام هەوڵەکە سەرکەوتوو نەبوو و نێوبراو بەخەستی برینداربوو. هەندێك سەرچاوە وایدەگەیەنن کە ئەمە کردەوەی پکك یە. (8121)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-07-10 لە دوو هەوڵی تیرۆریستیدا بۆرییەکی گازی سروشتی لە شاری کەرکوك تەقێندرایەوە و سینەمای سەڵاحەدینیش سووتێنرا. (8104)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-07-11 تیرۆرکردنی حەیا سەعید ئەحمەد لە شاری کەرکوك، نێوبراو وەرگێری تایبەتیی جەلال تاڵەبانی بوو. (8105)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-07-12 لەنێوان بەغدا و کەرکوك هەوڵی تیرۆرکردنی وەزیری تەندروستیی هەولێر درا، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو و لە ئەنجامدا پۆلیسێکی کورد تیرۆرکرا. (8109)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-07-13 گیرانی 13 تیرۆریستی ئەنسارولئیسلام و بەرپرسێکی گەورەیان لە کەرکوك. (8113)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-07-13 شاندێکی سەرکردایەتیی پارتی لە نزیك تەلەعفەر لە هەوڵێکی تیرۆریستی ڕزگاریانبوو. (8116)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-07-14 تیرۆرکردنی پارێزگاری موسڵ ئوسامە کەشمولە. (8117)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-07-14 لە هێرشێکی ڕۆکێتیدا بۆسەر گەڕەکێکی شاری کەرکوك 4 کەس لە خێزانێکی کورد تیرۆر کران و ئەوانی تریش برینداربوون، شایانی باسە 3 لە تیرۆرکراوان منداڵن و لە کاتێکدا کە لەسەر سەربانی ماڵەکەیان نووستبوون ڕۆکێتباران کران. (8122)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-07-15 لە ناوچەی عوزێمی نێوان کەرکوك و بەغدا هەوڵی تیرۆرکردنی هوشیار زێباری درا، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو و لە ئەنجامدا یەکێك لە دەستەی پارێزەرانی کوژرا و سیانیشیان بریندار بوون. (8120)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-07-18 ئاسایشی سلێمانی باندێکی تیرۆریستیی بە تۆن و نیوێك مادەی تەقینەوەوە دەستگیرکرد. (8124)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-07-26 تەقینەوەی ئوتومبیلێکی مینڕێژکراو لە دەروازەی شاری دیانا و بووە هۆی کوژرانی ئەو دوو تیرۆریستەی کە نیازیانبوو ئوتومبیلەکە لەناوشار بتەقێننەوە. (8148)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی کوردستان نیوز

2004-08-00 کۆتایی ئەم مانگە: تیرۆرکردنی دکتۆر سەعدوڵڵا حسێن حەسەن گەرگەری و دوو هاوڵاتیی کوردی تر بەناوی شەهاب ئەحمەد و محەمەد ڕەسوڵ لە زوممار. (8301)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-08-00 بەهۆی ڕوودانی کاری تیرۆریستییەوە کوردە یەزیدییەکان بەئاگاییەکی زۆرەوە جەژنی هاوینیان گێڕا. (8241)

سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-08-00 لە ماوەی 2 هەفتەدا نزیکەی 40 هەزار فەلە لە ترسی تیرۆر ئێراقیان جێهێشت. (8233)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-08-00 ئەم مانگە و مانگەکانی پێشوو: هەزاران پەناهاندەی کوردی بندەستی ئێران لە ئۆردوگای ئاڵتاشی داگیرکەری ئێراقیدا لە ترسی تیرۆریستانی عەرەب بەرەو کوردستان هەڵهاتن. شایانی باسە ژمارەی پەناهاندەکانی کەمپەکە لەم چەند مانگەی دواییدا لە 13 هەزارەوە هاتووەتە سەر 3 هەزار. (8187)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-08-04 ڕوودانی شەڕ و پێکدادانێکی زۆر لە شاری موسڵ لە نێوان هێزی پۆلیس و تیرۆریستاندا، لە ئەنجامدا دەیان کەس لە هەردوولا کوژران و بریندار‌بوون. یەکێك لە تیرۆریستە کوژراوەکان برایەکی مەلا کرێکار بوو بەناوی خالید مەجید فەرەج کە بە سەید ناسراوە. (8160)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-08-08 وەزیری بەرگریی د.ق ڕایگەیاند کە د.ا سەرچاوەی زۆربەی کارە تیرۆریییەکانی نێو ئێراقە و ئێران یەکەم دوژمنی ئێراقە. (8181)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-08-08 تیرۆریستێکی سعودی ویستی لەبەردەم بارەگای پارتی لە موسڵ ئوتومبیلێك بتەقێنێتەوە، بەڵام پێش ئەوەی کارەکەی ئەنجام بدات دەستگیرکرا. (8178)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-08-08 دوو تیرۆریستی عەرەبی سووری ویستیان بارەگای یەکێتی لە شاری موسڵ بتەقێننەوە، بەڵام پێش ئەنجامدانی کارەکەیان دەستگیرکران. (8180)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-08-10 تیرۆرکردنی 2 پم یەکێتی لە جەلەولا. (8186)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-08-18 لەنێوان دوبز و کەرکوك چەند عەرەبێك کوردێکیان بەناوی ئازاد هاوارەوە تیرۆر کرد. (8260)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-08-22 دۆزرانەوەی تەرمی شێرزاد حەسەن محەمەد لە گەڕەکی قادسیەی شاری کەرکوك، نێوبراو ئەندامی ینك بوو لەلایەن چەند تیرۆریستێکەوە تیرۆرکراوە. (8273)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-08-22 گیرانی 2 ئوتومبیلی مینکراو لە بازگەی قەسرۆکی نێوان موسڵ و هەولێر و کوژرانی 2 تیرۆریست و گیرانی سێیەمیان. (8267)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-08-23 دۆزرانەوەی تەرمی نەواف محەمەد شێخۆ بەسەرپراوی، نێوبراو ئەندامی ینك بوو لە موسڵ و پێش 4 ڕۆژ لەلایەن چەند تیرۆریستێکەوە لەماڵەکەی خۆی ڕفێنرابوو. (8272)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-08-23 بنکەی تەلەفزیۆنی ئاسمانیی کوردستان لە کەرکوك لەلایەن تیرۆریستانەوە درایە بەر موشەك، بەڵام ئەم هێرشە تەنها زیانی ماڵیی لێکەوتەوە. (8268)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-08-29 هێرشێکی تیرۆریستی بۆسەر بارەگای ینك لە شاری موسڵ و بووە هۆی تیرۆرکردنی ئەندامێکی ینك و برینداربوونی 2 هاوڵاتی و نزیکەی 10 ئەندامی تری ینك. (8289)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-09-00 دامەزراندنی گروپی تۆڵە، ئەم گروپە لەبەیانێکدا بڕیاری تۆڵەسەندنەوەی تیرۆرکراوەکانی زاخۆی لە تیرۆریستە عەرەبەکاندا و بەپێی بەیانەکەیان هەر عەرەبێکی 17 ساڵی لە کوردستاندا تۆڵەی لێدەکرێتەوە. (8348)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-09-00 تیرۆریستە عەرەبەکان 3 لاوی کوردی خەڵکی زاخۆیان سەربڕی. (8318)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-09-00 13 پۆلیسی كورد له شاری بەعقوبه تیرۆركران. شایانی باسه هەندێك سەرچاوه باسی ئەوه دەكەن كه پارێزگاری بەعقوبه دەستی لەم كاره تیرۆریستییەدا هەبێت. (8320)
سەرچاوەی 1, تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندن

2004-09-00 تیرۆركردنی 10 كەسی فەلەی خەڵكی شاری زاخۆ لەلایەن تیرۆریستانی عەرەبەوە. (8345)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی كوردی

2004-09-20 هێنانەوەی تەرمی ئەو 3 لاوه زاخۆییەی كه له رۆژانی رابردوودا لەلایەن تیرۆریستە عەرەبەكانەوه سەربڕدرابوون. (8317)
سەرچاوەی 1, تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندن

2004-09-21 تیرۆركردنی یوسف شەبەك له سوسڵ، نێوبراو پارێزەرێكی كورد بوو. (8325)
سەرچاوەی 1, تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندن

2004-09-25 دۆزینەوەی تەرمی لاوێكی كوردی زاخۆیی بەناوی ئەحمەد محەمەد لەسەر ڕێی بەغدا. نێوبراو لەلایەن عەرەبەكانەوه تیرۆركرابوو و تەمەنی 25 ساڵە. (8334)
سەرچاوەی 1, تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندن

2004-09-30 تیرۆركردنی بەرپرسی پاسەوانەكانی پارێزگاری كەركوك له كەركوك. (8350)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی كوردی

2004-09-30 تیرۆركردنی مەلایەكی عەرەب لەبەردەمی مزگەوتی عومەر زەیاب له موسڵ، مەلای ناوبراو بەوه ڕازینەبووبوو كه فەتوایەك بۆ كوشتنی كورد و بیانه دەربكات. (8341)
سەرچاوەی 1, تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندن

2004-10-00 دۆزینەوەی دوو گۆری بەكۆمەڵ له ناوچەی هەڵەبجە و عەنەب، ئەم دوو گۆره نزیكەی 300 كوردی تێدایه كه له هێرشەكانی ئەنفالدا تیرۆركراون. (8405)
سەرچاوەی 1, تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندن

2004-10-00 سەرەتای ئەم مانگە: تیرۆریستەكان له شاری موسڵ خێزانێكی كوردیان قەتڵوعام كرد كه 5یان لێمردن و 4 یشیان بریندارببوون. (8367)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی كوردی

2004-10-00 سەرەتای ئەم مانگە: دۆزینەوەی تەرمێكی سەربڕدراو له شارۆچكەی بەعشیقه كه لەلایەن تیرۆریستەكانەوه سەربڕدرابوو، نێوبراو ناوی ڕۆژ سۆرانییه. (8368)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی كوردی

2004-10-00 بەپێی هەندێك سەرچاوەی كوردی ژمارەی ئەو خێزانه كوردانەی له تیرسی تیرۆری عەرەب له فەلوجەوه بۆ ناوچەكانی كوردستان له كاتی ڕووخانی بەغداوه تاوەكو ئێستا هەڵهاتوون گەیشتووەته 112 خێزان. (8363)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی كوردی

2004-10-02 دۆزینەوەی تەرمی عەزیز لۆمانەیی له موسڵ، نێوبراو پێش چەند ڕۆژێك فڕێندرابوو و لەلایەن تیرۆریستەكانەوه گوللەیەك نرابوو بەسەرییەوه. (8360)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی كوردی

2004-10-02 تیرۆركردنی 6 هاوڵاتیی كورد له سوسڵ. (8354)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: ماڵپەری پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-10-03 گیرانی 2 تیرۆریستی عەرەب له شاری كەركوك به 70 كیلۆ مادەی تەقینەوەوه. (8355)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: ماڵپەری پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-10-05 چوار هاووڵاتی كورد كه سێیان پێشمەرگەی یەكێتی بوون لەناوچەی شارەبان كەوتنه كەمینی گروپێكی چەكدارەوه و تیرۆركران. (8379)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: ماڵپەری پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-10-09 تیرۆركردنی 8 كورد له شاری موسڵ لەلایەن عەرەبە تیرۆریستەكانەوه. (8392)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی كوردی

2004-10-11 موقەدەم عەبدولستار فەقێ کە موقەدەمێکی سەربازیی سەر بە یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو لە نزیك کڵێسەی نور لە گەڕەکی تەئمیمی شاری موسڵ لەلایەن گروپێکی تیرۆرستەوە تەقەی لێکرا و کوژرا. موقەدەمی نێوبراو خەڵکی گوندی دارەتووی سەر بە دەقەری بەردەڕەش بوو. هاوکات هەر ئەمڕۆ و لەگەڕەکی تەحریر لەلایەن چەند چەکدارێکی نەناسراوەوە هێرش کرایە سەر موقەدەمی پۆلیس قادۆ زێباری و لە ئەنجامدا بە سەختیی بریندار بوو. (8399)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-10-11 تیرۆریستە عەرەبەکان کوردێکیان بەناوی لوقمان حسێنەوە سەربڕی بەتاوانی ئەوەی ئەندامی پارتی و وەرگێری ئامریکییەکان بووە. (8404)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-10-12 تیرۆرکردنی عەبدولمەجید ئەلعەنتەر لە موسڵ، نێوبراو ئەندامێکی کوردی ئەنجوومەنی پارێزگای موسڵ بوو. (8403)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-10-13 خەسرەو گۆرانی یاریدەدەری پارێزگاری موسڵ لە هەوڵێکی تیرۆریستی ڕزگاری بوو. (8407)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-10-14 بە پێی هەواڵی ئاژانسی دەنگوباسی میزۆپۆتامیا لە بەغداوە، ئەمڕۆ کچە ڕۆژنامەنووسی کورد بەناوی (دینە محەمەدحەسەن) لە گەڕەکی ئەعزەمییەی بەغدا بەهۆی پەلامارێکی تیرۆریستییەوە گیانی لەدەستدا. (8412)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-10-16 عەبدولغەفور ڕەحیم ئەبوبەکری بەڕێوەبەری ئیداری لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کەرکوك، لەلایەن چەند چەکدارێکی نەناسراوەوە تەقەی لێکرا و تیرۆرکرا. (8430)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-10-19 تیرۆرکردنی 2 کورد و بریندارکردنی یەکێکی تر لەلایەن تیرۆریستە عەرەبەکانەوە لە موسڵ. (8434)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-10-23 عەقید تەها ئەحمەدی بەڕێوەبەری پۆلیسی پاسەوانیی هەولێر تیرۆرکرا. نێوبراو بەیانی زوو کە دەیویست بچێت بۆ مزگەوت بۆ نوێژ لەلایەن چەند نەناسراوێکەوە تیرۆرکرا. (8458)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-10-25 کوژرانی پۆلیسێکی کورد لە شاری موسڵ لەلایەن عەرەبە تیرۆریستەکانەوە. (8467)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-10-26 کوژرانی 2 شۆفێری کوردی باکوور لە ناوچەی فایدەی موسڵ لەلایەن تیرۆریستە عەرەبەکانەوە. (8462)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-10-30 کوژرانی ئەفسەرێکی پۆلیسی کورد لە شاری موسڵ لەلایەن عەرەبە تیرۆریستەکانەوە. (8474)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-11-00 کۆتایی ئەم مانگە: تیرۆرکردنی 13 کورد لە گەراجی تەلەعفەری موسڵ لەلایەن عەرەبە تیرۆریستەکانەوە، شایانی باسە زۆربەی ئەو کوردانە یەزیدی بوون. (8588)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-11-00 گروپێکی تیرۆریستی عەرەبی بەناوی کۆمیتەی موجاهیدینی موسڵ ڕایگەیاند: لەبری هەر کوژراوێکی عەرەب خوێنی 50 کورد حەڵاڵە و دەبێت 50 کورد لەجیاتیی بکوژرێت. (8498)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-11-00 یەکیەتیی ئەوروپا لەدوا ڕاپۆرتی خۆیدا کۆنگرەی گەل - پکك بە ڕێکخراوێکی تیرۆریست نازانێت و ناوی نەبردووە. (8495)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-11-00 سەربڕینی لاوێکی 16 ساڵە لە موسڵ لەلایەن تیرۆریستە عەرەبەکانەوە، نێوبراو ناوی بەندەر جەمال بوو. (8577)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-11-00 تیرۆریستە عەرەبەکان لە شارۆچکەی دوویز 3 ئەندامی ئاسایشی سلێمانییان تیرۆرکرد. (8493)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-11-00 گروپێكی تیرۆریستی عەرەبی لە شاری موسڵ كوردێكی بەناوی كامەران عەبدولستار لەسێدارەدا بەتاوانی ئەوەی دەستی لە كوشتنی شێخ محەمەد فەیزیدا هەبووە. (8591)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی كوردی

2004-11-00 تیرۆركردنی جەودەت تەیفور عەباس لە كەركوك، نێوبراو عەمیدێكی خانەنشین بوو. (8603)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی كوردی

2004-11-00 هێزەكانی ئاسایشی داگیركەری ئێرانی لاوێكیان بەناوی برایم شیرازی لە شارۆچكەی زەرین تیرۆركرد. (8645)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی كوردی

2004-11-00 بەگوێرەی سەرچاوەیەكی ڕێكخراوی قەندیل تاوەكو ئێستا نزیكەی 700 خێزانی ئاوارەی خۆرهەڵاتی كوردستان لە ناوچەی ڕومادییەوە هاتوونەتە باشووری كوردستانەوە. ئەو خێزانانە هەر لە دوای جەنگی ڕزگاریی ئێراقەوە كەوتوونەتە بەر شاڵاوی تیرۆریستەكانی عەرەب لەو ناوچانانەدا و هەندێكیشیان لێ كوژراوە. (8593)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی كوردی

2004-11-01 تیرۆریستان بارەگای پارتە كوردییەكانیان لە شاری موسڵ هاوەنباران كرد و بووە هۆی برینداركردنی چەند كەسێكی كەم و كەوتنەوەی چەند زیانێكی ماڵیی كەم. (8489)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: ماڵپەری پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-11-04 چەند تیرۆریستێك لە موسڵ هێرشیانكردە سەر كۆمەڵە ئەندامێكی یەكێتی و 4یان لێ بریندابوو. (8503)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی كوردی

2004-11-09 تیرۆركردنی 2 كورد و فڕاندنی یەكێكی تر لە موسڵ. (8524)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی كوردی

2004-11-11 پارێزگاری كەركوك عەبدولڕەحمان مستەفا لە هەوڵێكی تیرۆریستی ڕزگاری بوو و 4 لە پاسەوانەكانی برینداربوون. (8525)
سەرچاوەی 1, تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندن

2004-11-13 سەربڕینی 3 كورد لە شاری موسڵ لەلایەن عەرەبە تیرۆریستەكانەوە، ناوی یەكێكیان عەزیز مستەفا گۆرانە. (8533)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی كوردی

2004-11-17 تیرۆركردنی مەحموود ئیسماعیل حەسەن لە موسڵ لەلایەن تیرۆریستە عەرەبەكانەوە، نێوبراو یەكێك بوو لە پاسەوانەكانی خەسرەو گۆران. (8537)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی كوردی

2004-11-18 تیرۆركردنی حەمزە حەسەن ئیبراهیم لە موسڵ لەلایەن تیرۆریستە عەرەبەكانەوە، نێوبراو تەمەنی 15 ساڵ بوو. (8539)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی كوردی

2004-11-18 بەهۆی ڕووداوێكی تیرۆریستییەوە 2 كرێكاری كورد لەلایەن عەرەبە تیرۆریستەكانەوە لە كەركوك كوژران. (8538)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی كوردی

2004-11-20 سووتاندنی بیرە نەوتێكی كەركوك لەلایەن تیرۆریستە عەرەبەكانەوە. (8546)
سەرچاوەی 1, تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندن

2004-11-20 گروپێكی عێراقی هەواڵی تیرۆركردنی دوو ئەندامی پارتیی ڕاگەیاند. (8543)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی كوردی

2004-11-21 تیرۆركردنی پۆلیسێكی كورد بەناوی ئەیاد تارق لە موسڵ. (8547)
سەرچاوەی 1, تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندن

2004-11-22 بەپێی هەندێك سەرچاوەی كوردی بەڕێوەبەری پۆلیسی موسڵ بۆ ئاكرێ هەڵهاتووە و پارتیش گرتوویەتی و ڕەوانەی بەغدای كردووە، ئەم بەڕێوەبەرە پەیوەندیی زۆری لەگەڵ تیرۆریستە عەرەبەكاندا هەبووە. (8550)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی كوردی

2004-11-24 جێگری پارێزگاری موسڵ، خەسرەو گۆران لە هەوڵێکی تیرۆریستی ڕزگاری بوو. (8561)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-11-24 دەستەی زانایانی سوننە لە ئێراق ئامریکا و کوردی بەوە تاوانبارکرد کە تیرۆر دەکەن لە ئێراقدا. (8567)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-11-28 لەماوەی 2 ڕۆژی ڕابردوودا ژمارەیەك لە کوردی شەبەك و یەزیدی و موسڵمان لە شاری موسڵ لەلایەن تیرۆریستە عەرەبەکانەوە تیرۆرکران. بەو شێوەیە تیرۆری عەرەب بەرامبەر بە کورد لەو شارەدا بووەتە دیاردەیەکی بەرچاو و ئەگەری دروستبوونی پشێویی گەورە لە نێوان کورد و عەرەبدا چاوەڕوان دەکرێت. (8572)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-11-28 هوشیار زێباری لە بەغدا لە هەوڵێکی تیرۆریستی ڕزگاری بوو. (8585)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-11-28 تیرۆریستان نامەیەکی هەڕەشە دەکەنە سەر ڕۆژنامەنووس سۆران داودی لە کەرکوك و داوای لێدەکەن واز لە کارەکەی بهێنێت، ئەگەرنا ئەوا دەیکوژن. نامەکە لەلایەن کەتیبەی موجاهیدینەوە نێردراوە. (8586)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-11-29 لەدرێژەی ئەو هەڵمەتی تیرۆر و ڕەشەکوژییەدا کە ماوەیەکە دژ بە هاووڵاتیانی کورد لەشاری موسڵ دەستی پێکردووە، سەرلەبەیانی ئەمڕۆ سێ هاووڵاتی کورد لەهەردوو گەڕەکی (تەنەك ) و (پیشەسازی) کوژران. لەگەڕەکی تەنەك دوو کەس بەناوەکانی خالید کۆچەر تەمەن 40 ساڵ و، عەزیز هاشم 51 ساڵ لەلایەن کەسانێکی نەناسراوەوە تیرۆرکران. لەگەڕەکی (پیشەسازی)ش هاووڵاتییەکی دیکەی کورد بەناوی عەلوان ئیبراهیم گەرگەری تیرۆرکرا. (8584)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-11-29 ڕفاندنی خوێندکار کامەران قاسم ڕەفیق لەلایەن چەند عەرەبێکی تیرۆریستەوە لە کەرکوك و پاش ئەشکەنجەدانێکی زۆر تیرۆری دەکەن و سووکایەتی بە تەرمەکەشییەوە دەکەن. نێوبراو خوێندکاری پەیمانگای مامۆستایانی کەرکوك بوو و تەمەنیشی 20 ساڵ بوو. (8629)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-11-30 نقوومبوونی کەڵەکێك لە ڕووباری فیشخاپووردا کە خەڵکی ناوچەکانی زومار و شەنگاری دەگواستەوە بۆ بەری زاخۆ، شایانی باسە کە کەڵەکەکە 44 کەسی تێدابوو و ژمارەیەکی زۆریان لێخنکان. ماوەیەکە خەڵکی ئەو ناوچەیە لەبەر تیرۆریستانی عەرەب بە موسڵدا هاتووچۆی دهۆك و زاخۆ ناکەن و کەڵەکی ئاو بەکاردێنن بۆ پەڕینەوەی ئەم ڕووبارە. (8592)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-11-30 دۆزینەوەی تەرمی هاوڵاتییەکی کورد بەناوی کامەران قاسم ڕەفیق لە نزیك پردی سێیەمی کەرکوك. نێوبراو بە گوللە تیرۆرکرابوو. (8595)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-00 بەپێی ڕاپۆرتی ساڵانەی وەزارەتی مافی مرۆڤ - ینك، ئەمساڵ 130 کورد لەلایەن تیرۆریستە عەرەبەکانەوە سەربڕدراوە. (8780)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-00 عەرەبە تیرۆریستەکانی کەرکوك لە نامەیەکدا کە بە ماڵە عەرەبەکانی کەرکوکدا بڵاویان کردەوە، هەڕەشەیان لەو عەرەبانە کرد کە دەیانەوێت بەشداریی هەڵبژاردن بکەن. شایانی باسە لەو نامەیەیاندا ئەوەیان نووسیوە کە کورد کافرن و هاوپەیمانی ئامریکان. (8649)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-12-00 بەهۆی تیرۆرکردنی 4 لاوی کورد لە شارۆچکەی حەویجە دەیان ماڵی کورد لە ترسی تیرۆری عەرەب بەرەو کەرکوك شارۆچکەکەیان بەجێهێشت. (8731)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-00 ئامریکا بڕیاریدا ئەندامێکی پکك بەناوی ئیبراهیم پارلاك لە خاکەکەی بکاتە دەرەوە، نێوبراو لە ساڵی 1992ەوە مافی پەنابەرێتیی لە ئامریکا هەیە و بەوە تاوانبار کراوە کە 2 سەربازی تورکی کوشتبێت، ئەمەش بەپێی یاسای ئامریکا تیرۆرە. (8784)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-00 لکی موسڵی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان دەیەوێت بە کۆبوونەوەیەك دەستبەکاربوونی خۆی ئاشکرا بکات. بەڵام تیرۆریستە عەرەبەکان لێناگەڕێن کە هیچ هۆڵێکیان بەکرێ بدرێتێت بۆ کۆبوونەوەکەیان. (8766)
سەرچاوەی 1, هاورێنامە هاورێنامە

2004-12-00 کۆتایی ئەم مانگە: تیرۆریستە عەرەبەکان لە موسڵ شەهزاد محەمەد عەلییان فڕاند و پاش چەند ڕۆژێك تەرمەکەی دۆزرایەوە. (8812)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-03 تیرۆریستە عەرەبەکان ئۆتومبیلێکی مینڕێژکراویان لە نزیك کامپی ئەلکەرامەی پەنابەرانی کوردی خۆرهەڵات تەقاندەوە و بووە هۆی دروستکردنی پشێوییەکی زۆر لەو کامپەدا، بەڵام هیچ زیانێکی گیانی و ماڵیی لێنەکەوتەوە. (8615)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-12-03 ئامریکییەکان نزیکەی 200 تیرۆریستیان لەناو بارەگاکانی بەرەی تورکمانی لە تەلەعفەردا گرت. (8618)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-12-03 تیرۆریستە عەرەبەکانی موسڵ هاوڵاتییەکی کوردیان بەناوی عەبدولسەلام ئەحمەدەوە ڕفاند، نێوبراو تەمەنی 35 ساڵە. (8611)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-04 لە دهۆك بەتەقاندنەوەی بڕێك تی ئێن تی هەوڵی تیرۆرکردنی نێچیرڤان ئەحمەدی پارێزگاری دهۆك درا، بەڵام هەوڵە سەرکەوتوو نەبوو و هیچ زیانێکی گیانیی لێنەکەوتەوە. (8614)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-12-04 هێرشێکی تیرۆریستی بۆسەر کاروانێکی پێشمەرگەی یەنك لە شاری موسڵ و بووە هۆی کوژرانی 18 پێشمەرگە و برینداربوونی 12ی تر. ئەم هێرشە پاشتر گروپی زەرقاویی تیرۆریست بەرپرسیارێتیی خۆیی بەرامبەر ڕاگەیاند. (8617)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-12-05 مەحموود ئیبراهیم کە کوردێکی شەبەکی تەمەن 50 ساڵەیە لەلایەن عەرەبە تیرۆریستەکانەوە لە شارۆچکەی بەرتەلە فڕێندرا. (8634)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-05 بەپێی ئامارێکی لیژنەی لاوانی شەنگار لەماوەی مانگی ڕابردووەوە تا ئەمڕۆ 30 کوردی ناوچەی شەنگار لەلایەن عەرەبە تیرۆریستەکان کوژراوە و خەڵکی ئەو ناوچانە ناچاربوون زۆر بەکەمی هاتووچۆی موسڵ بکەن. (8633)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-05 بەبۆنەی تیرۆرکردنی 18 پێشمەرگەی یەکێتی لەلایەن تیرۆریستە عەرەبەکانەوە لە موسڵ، مەسعود بارزانی بروسکەیەکی ماتەمینیی بۆ جەلال تاڵەبانی نارد. (8636)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-06 هێزەکانی ئاسایشی داگیرکەری ئێرانی لاوێکیان بەناوی خالید سۆفی عەبدولی لە ناوچەی دار پیرخانمی شاری بانەدا تیرۆرکرد. (8644)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-06 ئەمڕۆ و دوێنێ: چەند هێرشێکی تیرۆریستی کرایە سەر بارەگاکانی یەکێتی و پارتی لە موسڵ، بەڵام هیچ زیانێکی ماڵیی لێنەکەوتەوە. (8628)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-07 تیرۆریستە عەرەبەکان لە شاری موسڵ 2 کڵێسەی دیانەکانیان تەقاندەوە و چەند کەسێکیش بریندار بوون. شایانی باسە لەم ساڵەدا دەیان کڵێسە لە شاری موسڵدا کەوتە بەر هێرشی تیرۆریستان. (8648)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-08 د.ا کوردێکی لە ناوچەی مەهاباد بەناوی کەماڵ پەرویزنیاوە تیرۆرکرد. نێوبراو یەکێك لە کاسبکارەکانی ناوچەکە و لەلایەن پاسدارانەوە تەقەی لێکرا و پاشان لە نەخۆشخانەی بۆکان کۆچی دوایی کرد. (8669)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-08 عەرەبە تیرۆریستەکان لە موسڵ تەقەیان لە بارەگای یەنك کرد و لە ئەنجامدا ئەندامێکی یەنك بەسەختی برینداربوو. (8652)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-10 تیرۆریستە عەرەبەکان هاوەنێکیان گرتە گەڕەکی قودسی کوردنشین لە موسڵ و بووە هۆی کوژرانی منداڵێك بەناوی عومەر بیلال و بریندارکردنی چەند کەسێکی تر. (8661)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-10 دۆزینەوەی تەرمی غازی سەلیم مزووری بە سەربڕدراوی لە موسڵ، نێوبراو پێش چەند ڕۆژێك لەلایەن تیرۆریستە عەرەبەكانەوە لەگەڵ كورەكەیدا ڕفێندرا بوو. (8660)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی كوردی

2004-12-12 لە هەولێر هەوڵی تیرۆركردنی ئەمین نەجاری بەرپرسی لكی 16ی پارتی درا بە تەقاندنەوەی ئوتومبیلێكی مینكراو لەسەر ڕێگای گەڕانەوەی بۆ ماڵەوە، ئەم تەقینەوەیە بووە هۆی بریندابوونی 2 هاوڵاتی و زیانی ماڵیی كەم. شایانی باسە ئوتومبیلەكە ژمارەی موسڵی پێوەبوو. (8663)
سەرچاوەی 1, تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندن

2004-12-13 تیرۆركردنی گۆران حسێن لە كەركوك لەلایەن تیرۆریستە عەرەبەكانەوە، نێوبراو وەرگێڕێكی كورد بوو و لەگەڵ هێزەكانی ئامریكادا كاریدەكرد. (8672)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی كوردی

2004-12-13 ڕێكخراوی UNHCRی سەربە نەتەوەیەكگرتووەكان داوای لە وڵاتان كرد كە مافی پەناهاندەیی بدەنە ئەو سەدان كوردەی خۆرهەڵات كە ماوەیەكە لەسەر سنووری ئێراق و ئوردونن و هەمیشەش لەبەردەم هێرشی تیرۆریستانەی عەرەبەكاندان. (8674)
سەرچاوەی 1, تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندن

2004-12-13 تیرۆركردنی ئەندازیار محەمەد كەریم لە موسڵ لەلایەن تیرۆریستە عەرەبەكانەوە، نێوبراو بەڵێندەرێكی كوردی زاخۆ بوو و لە موسڵ كاریدەكرد. هەر لەم ڕووداوەشدا خێزانەكەی برینداربوو. (8676)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی كوردی

2004-12-13 كۆبوونەوەی هەردوو سەركردایەتیی یەكێتیی نەتەوەیی دیموكراتی كوردستان - یەندەك و پارتی وڵاتپارێزانی دیموكراتی كوردستان لە هەولێر. لە كۆبوونەوەكەدا فەرهاد ئوجەلان ڕایگەیاند كە هەوڵی تیرۆركردنی غەفور مەخموریی سكرتێری یەندەك لەلایەن پكك هەڵەیەكی گەورە بوو. (8693)
سەرچاوەی 1, ڕۆژنامەی كوردی: میدیا - ژمارە 176 - 15-12-2004. لاپەڕە: 1

2004-12-17 كوژرانی 4 پاسەوانی باڵوێزخانەی تورك لە بەغدا، ئەمانە لە كاتی گەڕانەوەیان لە بەغداوە بۆ توركیا لە موسڵ كەوتنە بەر هێرشی چەند چەكدارێكی تیرۆریستی عەرەب و پاش كوژرانیان سەریان لە لەشیان جیاكردنەوە. (8694)
سەرچاوەی 1, تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندن

2004-12-17 تیرۆریستە عەرەبەكان موشەكێكی كاتووشایان نا بە ماڵێكی كوردەوە و كە تازە گەڕابوونەوە كەركوك و بووە هۆی كوژرانی 3 هاوڵاتی و بریندابوونی منداڵێكی تەمەن 10 ساڵە. (8698)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی كوردی

2004-12-18 دۆزینەوەی تەرمی سەید تەها برادۆستی لە موسڵ، نێوبراو پێش چەند ڕۆژێك لەلایەن تیرۆریستە عەرەبەكانەوە ڕفێندرابوو. (8704)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی كوردی

2004-12-18 تیرۆركردنی محەمەد عەدنان عەزیز ئاغای تەمەن 22 ساڵە لە موسڵ لەلایەن تیرۆریستە عەرەبەكانەوە. نێوبراو خەڵكی شێخان بوو. (8705)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی كوردی

2004-12-19 تیرۆركردنی عەبدوللەتیف حسێن لە موسڵ لەلایەن تیرۆریستە عەرەبەكانەوە. نێوبراو شەبەك بوو و ئەندامی یندك بوو. (8708)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی كوردی

2004-12-19 تیرۆركردنی 4 كورد لە شاری حەویجە لەلایەن تیرۆریستە عەرەبەكانەوە. (8710)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی كوردی

2004-12-20 دۆزینەوەی تەرمی موهەنندس ئەكرەم شاكیری كارمەندی تەلەڤزیۆنی كوردسات لە بەغداد، نێوبراو لە 15-12دا لەلایەن تیرۆریستە عەرەبەكانەوە ڕفێندرا. (8736)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی كوردی

2004-12-20 گروپی كورد لە ئەنجوومەنی كەركوك ڕایگەیاند كە بەرپرسانی حەویجە لە تیرۆركردنی هاووڵاتیانی كورد بەرپرسیارن. (8713)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی كوردی

2004-12-21 تەقینەوەی بۆمبێك لە بنكەیەكی سەربازیی ئامریكی لە شاری موسڵ و بووە هۆی كوژرانی 15 سەرباز و 5 بەڵێندەری ئەمریكی و 2 كەسی سەر بە هێزەكانی ئاسایشی عێراق بوون. هەر لەو هێرشەدا 66 كەس بریندار بوون كە 42 كەسیان سەربازی ئەمریكی بوون و 10ی دیكەیان بەڵێندەری ئەمریكی بوون و یەكێكیان سەر بە هێزەكانی ئاسایشی عێراق بووە و 13ی دیكەشیان خەڵكی سیڤیلی ئێراقی بوون. شایانی باسە گروپی تیرۆریستی ئەنسارولسوننە بەرپرسیارێتیی خۆیی بەرامبەر بەم كارە ڕاگەیاند. (8724)
سەرچاوەی 1, تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندن

2004-12-21 ڕفاندنی 2 هاوڵاتیی كورد لە موسڵ لەلایەن تیرۆریستە عەرەبەكانەوە. (8727)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی كوردی

2004-12-22 خۆپیشاندانێك لە كەركوك بۆ نارەزایی لە دژی تیرۆركردنی ئەو 4 لاوەی كە هەفتەی ڕابردوو لە شارۆچكەی حەویجە. (8730)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی كوردی

2004-12-23 هێزەكانی كۆریا لە باشووری كوردستاندا كەوتنە ئامادەباشییەوە، ئەم هێزانە ترسی بەرەنگاربوونەوەی كاری تیرۆریستییان هەیە و لەلایەن حكومەتی كوردستانەوە ئاگاداری ئەگەری هێرشی تیرۆریستی كراونەتەوە. (8744)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی كوردی

2004-12-23 گیرانی 3 تیرۆریست، یەكیان لە هەولێر و 2یان لە دهۆك لەلایەن ئاسایشی پارتییەوە، ئەمانە دەیانویست هێرشێكی تیرۆریستی بكەنە سەر هێزەكانی كۆریا لە باشووری كوردستان. (8783)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی كوردی

2004-12-24 دەستگیركردنی 2 تیرۆریستی عەرەب بەناوی عەبد ئەحمەد حەسەن و عەلی خەڵەف ساڵح لە شاری كەركوك، ئەمانە بەپێی لێدوانێكی پۆلیس دەستیان هەبووە لە تیرۆركردنی ئەو 4 كوردەی كە پێش چەند ڕۆژێك لە حەویجە تیرۆركران. (8751)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی كوردی

2004-12-24 تیرۆریستە عەرەبەكان لە سەلمان پاك 3 ئەندامی یەكێتییان ڕفاند و یەكێكیشیان برینداركرد، ئەو 3 ئەندامەی ینك ئەندازیاری ئەشغال بوون و ئەمانە ناوەكانیانە: ئازاد ڕەزا، فەرهاد كامەران و سەردار مەحموود. (8743)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی كوردی

2004-12-24 لە گوندی باخەكۆن تەرمی شێخەكانی نەقشبەندی جارێكی تر نێژرایەوە، شایانی باسە ئەم تەرمانە كاتی خۆی لەلایەن تیرۆریستانەوە لە باخەكۆنەوە بۆ شوێنێكی نەزانراو گوێزرانەوە و مەرقەدی شێخ حیسامەدینی نەقشبەندیشیان تێكدا. بەڵام لەم دواییەدا ئاسایشی ینك لە خورماڵ لە ماڵی تیرۆریستێكدا ئەو تەرمانەی دۆزییەوە. (8746)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی كوردی

2004-12-24 شوفێرێكی كورد بەناوی (ڕێدار حوسێن) كە لەهێڵی هەولێر- بەغدا كار دەكات، بەخۆی و ڕێبوارێكی خەڵكی هەولێر بەناوی (نیاز) لەخوار چیای حەمرین لەناوچەی عوزێم تەنیا لەبەر كورد بوون لەلایەن گروپێكی چەكداری تیرۆریستی عەرەبەوە دەستگیركران و بەرامبەر ئازادكردنیان داوای پارەیەكی یەكجار زۆریان دەكرد. لەئەنجامدا ڕازیبوون ڕێدار حوسێن و ئۆتۆمبیلەكەی بەرامبەر 13.200 دۆلار و نیازیش بەرامبەر 10.000 دۆلار ئازاد بكەن و ڕۆژی 27-12-2004 گەیشتنەوە هەولێر. (8799)
سەرچاوەی 1, ڕۆژنامەی كوردی: میدیا - ژمارە 177 - 30-12-2004.

2004-12-25 ژمارەیەك لە توركمانەكانی كەركوك لە ڕێپێوانێكدا پرۆتستۆی كورد كوشتنیان كرد لەلایەن تیرۆریستە عەرەبەكانەوە و داوای جێبەجێكردنی مادەی 58ی دەستووری كاتیی ئێراقیان كرد پێش ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە شاری كەركوكدا. (8750)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی كوردی

2004-12-25 تیرۆركردنی شوكری ئیبراهیم لە موسڵ لەلایەن تیرۆریستە عەرەبەكانەوە، نێوبراو تەمەنی 51 ساڵ بوو و ئەندامی پارتی بوو. (8762)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری كوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2004-12-27 دوو هاووڵاتیی كوردی شاری مەخموور بەناوی (حەسەن بەكر عومەر) و (دەخیل حەسەن) لەلایەن گروپێكی تیرۆریستە عەرەبەكان رفێنراون و بردراون بۆ گوندی (ستێرات) و بەرەبەیانی 29-12-2004 عەرەبە تیرۆریستەكان (دەخیل حەسەن)یان هێناوەتە نزیك مەخموور و ئازادیان كردووە و گوتوویانە تا كاتژمێر 4ی ئێوارەی ئەمڕۆ (10000) دە هەزار دۆلارمان بۆ نەهێنن سەری (حەسەن بەكر عومەر) دەبڕین. (8796)
سەرچاوەی 1, ڕۆژنامەی كوردی: میدیا - ژمارە 177 - 30-12-2004.

2004-12-27 هەردوو هاووڵاتی (مزەفەر تۆفیق خالید) لەدایكبووی 1975 و (بارزان یەحیا وسو) لەدایكبووی 1974، كە هەردووكیان (خەڵكی ناحیەی قەراج)ی سەر بەقەزای مەخموورن، لەچوارریانی (حاجی عەلی- گەیارە) لەلایەن باندێكی عەرەبە

تیرۆریستەکانی ناوچەکە دەگیرێن و دواتر هەردوو گەنجەکە سەردەبڕن و تەرمەکانیان لەنێوان گوندی سەیداوە و کەبەرۆك (کە دوو گوندی عەرەبنشینن) فڕێ دەدەن. (8795)
سەرچاوەی 1, ڕۆژنامەی کوردی: میدیا - ژمارە 177 - 30-12-2004.

2004-12-28 کچێکی عەبدولسەلام عارف لە ئوردونەوە ڕایگەیاند کە ئامریکا و پێشمەرگەی کورد بوونەتە هۆی تیرۆرکردنی خوشکەکەیی و مێردەکەیی و کورەکەیان. (8768)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2004-12-30 چەند تیرۆریستێك ویستیان بۆمبێك لەبەردەم بۆرییەکی نەوتی کەرکوکدا دابنێن بەڵام بۆمبەکە زوو تەقییەوە دووان لە تیرۆریستان کوژران و یەکێکیشیان بریندابوو. (8782)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-30 تیرۆریستە عەرەبەکان هێرشێکیان کردە سەر لیژنەی ناوچەی پارتی لە زوممار. بەڵام هیچ زیانێکی گیانیی لێنەکەوتەوە. (8800)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-30 تیرۆریستە عەرەبەکان لە شاری بەغدا هاوولاتیی کورد ئەرسەلان کاکەییان فڕاند و پاشان سەریانبڕی. (8827)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-31 تیرۆریستە عەرەبەکان ڕاکێتێکی کاتیۆشایان نا بە گەڕەکێکی کورد لە باکووری کەرکوکدا و بووە هۆی بریندابوونی کوردێك. (8807)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2004-12-31 لە کاتێکدا یانەی وەرزشی کەرکوك لە موسڵەوە دیویست بچێت بۆ دهۆك عەرەبە تیرۆریستەکان ڕێیان پێدەگرن و سووکایەتییان پێدەکەن، بەڵام ئەوان نکوڵی لەوە دەکەن کە کوردیان لەگەڵدابێت و بەو جۆرە ڕزگاردەبن. (8815)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2005-01-00 لەبەر هەڕەشەی تیرۆریستە عەرەبەکان چەند خێزانێکی کورد شاری موسڵیان جێهێشت و بەرەو دهۆك و هەولێر کەوتنە ڕێ. (8813)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2005-01-00 لە ڕاپرسییەکی ڕۆژنامەی خەباتدا لە زانکۆی سەلاحەدین : 17% ی قوتابیان کارە تیرۆرستییەکانی عێراق بە بەرگریی نیشتمانی و 4%یش بە جیهادی دەزانن. (8888)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2005-01-00 ژەنەڕاڵ جۆن باتیستی فەرماندەی تیپی یەکی مارینز لە سنووری ناوچەکانی کەرکوك و تکریت و بێجی لە بارەی سەرژمێری کردەوە تیرۆرستییەکان، رایگەیاند: لە مانگی فێبریوەریی ساڵی رابردووەوە 00-02-2004 تاکو ئێستا 00-01-2005، 87 ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراو لە باکوورو ناوەراستی عێراق لە ناوچەکانی کەرکوك و تکریت و بێجی تەقیونەتەوە، تەنها لەم سێ ناوچەیەدا 45 ئوتومبیل بە هۆی کاری خۆکوژی تەقیوەتەوە ، 42 ئوتومبیلیش بە هۆی کۆنترۆڵەوە تەقیوەتەوە. شایانی باسە بەهۆی ئەو کارە تیرۆریستییانەی تیرۆریستە عەرەبەکانەوە ژمارەیەکی زۆری کورد کوژراون. (8939)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2005-01-00 گیرانی 9 تیرۆریستی عەرەب لە حەویجە کە پێدەچێت دەستیان لە کوشتنی ئەو 4 کوردەدا هەبێت کە مانگی پێشوو لە حەویجە تیرۆرکران. (8844)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2005-01-01 تیرۆریستە عەرەبەکان هێرشیان کردە سەر بارەگای ینك لە موسڵ بەڵام هیچ زیانێکی لێنەکەوتەوە. (8809)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2005-01-01 تیرۆریستە عەرەبەکان لە موسڵ ئەحمەد محەمەد یونسیان فڕاند، نێوبراو کوردە و تەمەنی 32 ساڵە و سەربە هیچ لایەنێکی سیاسی نییە. (8811)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2005-01-02 دۆزینەوەی 2 تەرم لە موسڵ کە یەکێکیان کوردە و ئەوی تریان هێشتا نەناسراوە. ئەمانە لەلایەن تیرۆریستە عەرەبەکانەوە سەربڕاوون. (8818)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2005-01-02 تیرۆریستە عەرەبەکان هێرشێکیان کردە لکی 14ی پارتی لە موسڵ و بووە هۆی بریندارکردنی 3 ئەندامی پارتی و زیانی ماڵیشی لێکەوتەوە. (8823)

سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2005-01-03 بەهۆی هەڕەشەی تیرۆریستە عەرەبەکانەوە خێزانێکی کورد شاری ڕوومادیی جێهێشت و لە جەلەولا جێگیربوون. (8845)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2005-01-03 دۆزینەوەی 2 تەرمی کورد لە دووریانی قەرەقۆش - گوێڕ. ئەمانە پێش چەند ڕۆژێك لەلایەن تیرۆریستە عەرەبەکانەوە فڕێندرابوون و پاشان گوللەبارانکراون. (8846)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2005-01-04 تیرۆرکردنی پارێزگاری بەغدا. نێوبراو ناوی عەلی ڕازی ئەلحەیدەری بوو. (8831)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2005-01-05 تیرۆرکردنی وەرگێڕی ئامریکییەکان سەرکار ئەحمەد لە دوزخورماتو لەلایەن تیرۆریستە عەرەبەکانەوە. (8853)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2005-01-05 کاتژمێر 1ی سەرلەبەیانی 4 کۆپتەری ئامریکی بەبیانووی بوونی تیرۆریستێك لە گەڕەکی سەیداوای شاری هەولێر بەشی نێوخۆیی خەپرولڵا عەبدولکەریمیان ئاگرباران کرد و لە ئەنجامدا 4 خوێندکاری زانکۆی سەڵاحەدین و ئافرەتێك بریندار بوو. شایانی باسە ئەمە یەکەمجارە کارێکی واهی لە ئامریکییەکان بوەشێتەوە و سەربەخۆ و بێ ئەوەی دەسەڵاتی کوردی ئاگاداربکەنەوە هێز لە شاری هەولێردا بەکاربهێنن. ئەم ڕووداوە بووە هۆی ناڕەزایی دەستەڵاتی هەولێر و خەڵکیش زۆر ناڕەزایی دەردەبڕن. (8840)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2005-01-06 تەنیا دوێنێ و ئەمڕۆ 5 هاووڵاتی کورد لەنێو شاری موسڵدا و لەلایەن گروپە تیرۆرستەکانەوە تیرۆرکراون. ئەو هاووڵاتیانە کە لێرەدا ناوەکانیان هاتووە، بەجیا جیا و لەماوەی دوێنێ و ئەمڕۆدا لەلایەن تیرۆریستە عەرەبەکانەوە تیرۆرکراون و تاکو ئێستاش هیچ دەستە و تاقمێك بەرپرسیارێتی خۆیان لە تیرۆرکردنیان رانەگەیاندووە، هەروەك چۆن هۆکاری تیرۆرکردنیشیان نەزانراوە. سیپان محەمەد عەلی، تەمەن 20 ساڵ، لەگەڕەکی رەشیدییە لەماڵ دەرهێنراوە و لە (حی النور) تەرمەکەی فڕێدراوە. عەبدولجەبار سلێڤانەیی، کادێری پارتی، تەمەن 53 ساڵ، ئەمڕۆ لە (حی البكر) تیرۆرکراوە. عەباس مەجید، ناسراو بە عەباس باوە، کاکەیە و ئێوارەی دوێنێ لەسەر رێگای گوێر – موسڵ تیرۆرکراوە. مەروان عەبدولهادی، پزیشکی یاریدەدەر، تەمەن 35 ساڵ و کارمەندی نەخۆشخانەی (السلام) لە گەڕەکی (الوحدە). ئێوارەی دوێنێ لەکاتی گەڕانەوەی لەسەر کار، تیرۆرکراوە. باسم ئەحمەد کەمونەیی، پۆلیسی هاتوچۆ، خەڵکی سیمێل کە بۆ کارێك هاتبووە موسڵ و لەلایەن کەسانێکی نەناسراوەوە تیرۆرکرا. (8857)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی پەیامنێر http://www.peyamner.com

2005-01-07 ڕوودانی تەقینەوەیەك لە شاری هەولێر لە گەڕەکی موفتی، ئامانجی ئەم هەوڵە تیرۆرکردنی سەید کاکە بووە، تەقینەوەکە بووە هۆی برینداربوونی سەید کاکە و چەند کەسێك. (8865)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2005-01-08 تیرۆریستە عەرەبەکان محەمەد ئەمین خدریان لە شارۆچکەی ریازی سەربە کەرکوك فڕاند، نێوبراو 33 ساڵە و چالاکێکی ڕێکخراوێکی مافی مرۆڤە. (8867)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2005-01-08 حازم شەعلانی وەزیری بەرگریی ئێراق ڕایگەیاند کە بەڵگەمان لایە سووریا و ئێران یارمەتیی تیرۆریستان دەدەن و ئێمەش ئامادەین شەڕەکە بگوێزینەوە بۆ سووریا و ئێران. (8869)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2005-01-09 تیرۆریستە عەرەبەکان لە گەڕەکی وەحدەی شاری موسڵ کوردێکیان تیرۆرکرد، ئەو تیرۆرکراوە کەس نازانێت کێیە و جلی کوردیی لەبەردایە. (8884)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2005-01-10 لیژنەی ناوچەی زوماری پارتی کەوتە بەر هێرشێکی تیرۆریستیی عەرەبەکان. (8883)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2005-01-10 ئامریکا هەر 5 پردەکەی سەر ڕووباری دیجلەی ناو شاری موسڵی داخست و خۆی ئامادەدەکات بۆ هێرشکردنە سەر تیرۆریستە عەرەبەکان. (8889)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2005-01-13 تیرۆریستە عەرەبەکان 3 پێشمەرگەی پارتییان لە موسڵ تیرۆرکرد، ئەمانە ناوەکانیانە: حەسەن عومەر حوسێن، ڕەزوان جەمیل سدیق و سەگڤان یاسین. (8912)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2005-01-13 دۆزینەوەی تەرمی پێشمەرگەیەکی یەکێتی لە شارۆچکەی قەرەقۆش، نێوبراو پێش چەند ڕۆژێك لەلایەن تیرۆریستە عەرەبەکانەوە فڕێندرابوو. (8911)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2005-01-13 تیرۆریستە عەرەبەکان 4 لاوی کوردیان لە کەرکوك ڕفاند. (8913)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2005-01-15 تیرۆریستە عەرەبەکان ڕۆکێتێکیان ئاڕاستەی لکی دووی پارتی کرد لە هەولێر، بەڵام بەر ماڵێك کەوت و زیانی گیانیی لێنەکەوتەوە. (8933)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2005-01-15 تەرمی هاووڵاتییەکی کورد، بە ناوی خدر ساڵح عەبدولحەمید لە گەرەکی پیشەسازی شاری موسڵ دۆزرایەوە، ناوبراو خەڵکی گوندی چەمەڕەشی سەر بە قەزای شێخانە و تەمەنی 52 ساڵە و مامۆستایەکی خانەنشینە و لە کۆمەڵگای کەڵەکچی دادەنیشێت، خزم و کەسانی بۆ وەرگرتنەوەی تەرمەکەی 10000 دۆلاریان داوە. شایەنی باسە هاووڵاتیی ناوبراو مانگێك بەر لە ئێستا لە شاری موسڵ لەلایەن تیرۆریستە عەرەبەکانەوە رفێندرابوو. (8917)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2005-01-19 هەوڵی تیرۆرکردنی پارێزگاری دهۆك نێچیرڤان ئەحمەد درا. شایانی باسە ئەمە 3یەم جارە لەماوەی چەند مانگێکدا هەوڵی تیرۆرکردنی نێوبراو بدرێت. (8951)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2005-01-22 هەوڵی تیرۆرکردنی عەقید خۆشەوی دزەیی لە هەولێر درا، بەڵام بریندارببوو. نێوبراو بەڕێوەبەری پۆلیسی کارەبای حکومەتی هەولێر بوو. (8966)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2005-01-26 ڕوودانی تەقینەوەیەکی گەورە لە بارەگای لیژنەی ناوچەی پارتی لە شنگار و بووە هۆی کوژران و بریندارکردنی زۆرتر لە 45 کەس و زیانێکی ماڵیی زۆریشی لێکەوتەوە. شایانی باسە چاودێران دەڵێن ئەم تەقینەوەیە لەلایەن تیرۆریستە عەرەبەکانەوە ئەنجامدراوە. (8994)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2005-01-26 تەقینەوەی 2 ئوتومبیلی مینکراو لەلایەن عەرەبە تیرۆریستەکانەوە لە کەرکوك و بووە هۆی کوژران و بریندارببوونی دەیان کەس. (8989)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2005-01-28 تەقینەوەی چەند گوللە هاوەنێك لە شاری دهۆك لەلایەن تیرۆریستە عەرەبەکانەوە و بووە هۆی بریندارببوونی 4 کەس. (9000)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2005-01-28 تەقینەوەی چەند گوللە هاوەنێك لە شاری هەولێرلەلایەن تیرۆریستە عەرەبەکانەوە و هیچ زیانێکی گیانیی لێنەکەوتەوە. (9001)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2005-01-30 پرۆسەی هەڵبژاردنی کوردستان و ئێراق ئەنجامدرا و بەپێی ڕای چاودێران نزیکەی 60%ی خەڵکی دەنگی خۆیی داوە. زۆرینەی خەڵکی کورد لە هەڵبژاردنەکاندا بەشداریی کرد و چەندین تەقینەوە و کاری خۆکوژی و تیرۆریستی لە ناوچە عەرەبنشینەکانی ئێراقدا ڕوویدا کە بووە هۆی کوژران و بریندارببوونی دەیان کەس. (9008)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2005-01-30 تیرۆرکردنی پۆلیسێکی کورد بەناوی یوسف نەجەدین لە کەرکوك لەلایەن تیرۆریستە عەرەبەکانەوە. (9011)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2005-01-31 هەوڵی تیرۆرکردنی بەدرەدین ئەلهیلالی درا لە موسڵ، بەڵام هەوڵەکە سەرکەوتوو نەبوو. نێوبراو زانایەکی ئایینیی عەرەبە و خەڵکی هاندابوو بۆئەوەی دەنگ بۆ لیستی کوردستان بدەن، تیرۆریستە عەرەبەکانیش وەك تۆڵەیەك ویستیان تیرۆری بکەن. (9016)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2005-02-00 تیرۆریستە عەرەبەکان چەندین دەستدرێژییان کردە سەر ئافرەتە کوردەکانی کەمپی ئاڵتاش لە شاری ڕومادی. (9102)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2005-02-00 تیرۆریستە عەرەبەکان هاوڵاتییەکی هەولێرییان بەناوی زوبێر خالید چێوەیی لە ڕێگای کەرکوك تکریت فڕاند و پاش چەند ڕۆژێك بە 25 هەزار دۆلار ئازادیانکرد. (9086)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2005-02-00 هێرشی تیرۆریستە عەرەبەکان بۆسەر کەمپی ئاڵتاش و لە ئەنجامدا کوردێکیان بەناوی دەروێش عەلی ڕەزاوە سەرپەری و یەکێکی تریشیان بەناوی شاهۆ عەباسییەوە فڕاند. (9053)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2005-02-00 گیرانی ژمارەیەکی زۆری تیرۆریست لە کەرکوك، یەکێك لەو تیرۆریستانە دەستی هەبووە لە تەقینەوەکانی 1ی فێبریوەریی ساڵی پار. (9067)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2005-02-01 دادوەرێکی کورد بەناوی پەروێز محەمەد مەحمود و کورەکەی بەناوی ئاریان لە بەغدا لەلایەن تیرۆریستە عەرەبەکانەوە کوژران. (9107)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2005-02-07 تیرۆریستە عەرەبەکان لەسەر ڕێی موسڵ - هەولێر 2 ئەندامی پارتییان تیرۆرکرد. (9046)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2005-02-09 شاندی لیستی برایەتیی کەرکوك لە شەقامی حیفای شاری بەغداد کەوتە بەر هێرشی تیرۆریستە عەرەبەکانەوە و بووە هۆی کوژرانی دوو پاسەوانی شاندەکە و برینداربوونی دکتۆر عەلی کەرکوکیی نوێنەری لیستی ناوبراو. شایانی باسە پاشتر گروپی زەرقاوی لێپرسراوێتیی خۆیی بەرامبەر بەم کارە ڕاگەیاند. (9049)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2005-02-18 تیرۆرکردنی کەمال شاهین ناسراو بە کەماله سوور لە کۆمەڵگەی باینجانی نێوان کەرکوك و سلێمانی، نێوبراو سەرۆکی پارتی یەکێتیی دیموکراتی کوردەکانی سووریا بوو. (9069)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2005-02-19 تیرۆرکردنی مەلا محەمەد ڕۆستەم کاکلی سەرۆکی یەکێتیی زانایانی ئایینیی کەرکوك. (9068)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2005-02-20 بەهۆی پێکدادانێکی هێزەکانی ئامریکا و تیرۆریستە عەرەبەکان کۆگای دەرمانی شاری موسڵ سووتا و زیانێکی گەورە گەیەندرایە کەرتی تەندروستیی شارەکە و ناوچەکانی دەوروبەری. (9074)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2005-02-21 تیرۆریستە عەرەبەکانی لەسەر ڕێی کەرکوك تکریت هاوڵاتییەکی کوردیان بەناوی ئیدریس خەلیل ئیسماعیلەوە فڕاند. (9079)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2005-02-23 تیرۆریستە عەرەبەکان تەقەیان لە 2 هاوڵاتیی کورد کرد لە کەرکوك بەناوی ڕێبوار ئەمین حسەن و عەبدولڕەحمان عادل ئەمین و لە ئەنجامدا هەردووکیان کوژران. (9083)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2005-02-24 تیرۆریستە عەرەبەکان هێرشیانکردە سەر بارەگای ینك لە موسڵ و لە ئەنجامدا تیرۆریستێك کوژرا و هیچ زیانێکیش بەر ینك نەکەوت. (9090)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2005-03-04 لە کەرکوك هەوڵی تیرۆرکردنی گرفتار کاکەیی درا بەڵام سەرکەوتوو نەبوو. نێوبراو لە دەزگای شەفەق کاردەکات و بەڕێوەبەری نووسینی گۆڤاری باوەگورگوری منداڵانە. (9127)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2005-03-05 تیرۆریستە عەرەبەکان لە نزیك کەمپی ئاوارەکانی خۆرهەڵات لەسەر سنووری ئوردون چەند گوللە هاوەنێکیان تەقاندەوە، بەڵام هیچ زیانێکی گیانی نەبوو. (9113)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2005-03-08 دەوڵەتی دانیمارك بڕیاریدا کە مەلا کرێکار بەیەکجاری ڕادەستی ئێراق بکاتەوە. نێوبراو لە ساڵی 2003وە لەلایەن دادگای دانیمارکییەوە لە لێپرسینەوەدایە چونکە پەیوەندیی بە ڕێکخراوی ئەلقاعیدەی تیرۆریستەوە هەیە. (9118)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2005-03-10 تیرۆریستێکی خۆکوژ لەناو پرسەیەکی کوردی شەبەك لە موسڵ خۆیی تەقاندەوە و بووە هۆی کوژرانی نزیکەی 50 کەس و بریندارکردنی دەیانی تر. (9137)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2005-03-10 تیرۆرکردنی لایەق ئیبراهیم و بریندارکردنی شۆفێرەکەی بەسەختی لەلایەن تیرۆریستە عەرەبەکانەوە، نێوبراو بەرپرسی لکی کەرکوکی تەلەفزیۆنی ساتەلایتی کوردستانی سەربە پارتی بوو. (9134)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2005-03-12 کوردە شەبەکەکانی موسڵ خۆپیشاندانێکیان لە دژی تیرۆری عەرەب لە موسڵ سازکرد. (9139)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2005-03-14 تیرۆرکردنی حیسام هیلال سەرسەم لەلایەن عەرەبەکانەوە لە موسڵ، نێوبراو وێنەگری تەلەفزیۆنی ساتەلایتی کوردستان بوو. (9146)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2005-03-14 لە ناوچەی زوممار پێکدانێك لە نێوان پێشمەرگە و عەرەبەکاندا ڕوویدا، لە ئەنجامدا پێشمەرگەیەك بریندار بوو و تیرۆریستێکیش کوژرا و یەکێکی دیکەشیان بەبریندارى بەدیلگیرا. (9150)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2005-03-15 داگیرکەری تورك ئاهەنگەکانی جەژنی نەورۆزی لە فایلی تیرۆر دەرهێنا و بەپێی فەرمانێك کە ئاراستەی فەرمانگەکان کراوە نابێت بەم بۆنەیەوە ڕێگیریی ئاهەنگ و کۆبوونەوەکان بکرێت. (9159)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2005-03-20 هێزێکی ئامریکی لە شاری توزخورماتو چەند ئەندامێکی بەرەی تورکمانییان بەتاوانی تیرۆر دەستگیرکرد. (9176)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2005-03-22 دەستەیەکی تیرۆریستی عەرەب لە شاری موسڵ پەلاماری بنکەیەکی یەکێتییاندا، لە ئەنجامدا هاووڵاتییەك کوژرا، بەڵام هیچ زیانێکی گیانیی بۆ بنکەکە لێنەکەوتەوە. (9180)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2005-03-26 نەجات حەسەنی بەرپرسی لکی 3ی پارتی لە کەرکوك لە هەوڵێکی تیرۆریستی ڕزگاری بوو. (9185)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2005-03-27 تیرۆریستە عەرەبەکان لە کەرکوك هێرشیان کردە سەر چێشتخانەیەك و لە ئەنجامدا کوردێك کوژرا و 3یش بریندار بوون. (9186)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2005-03-29 کامەران گەڵاڵیی موختاری گەڕەکی 92 لە شاری هەولێر تیرۆرکرا. (9202)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2005-03-29 ژمارەیەك زیندانیی تیرۆریست کە زۆربەیان عەرەب بوون لە کاتی گواستنەوەیان لە هەولێرەوە بۆ ئاکرێ ویستیان ڕابکەن، بەڵام هەوڵەکەیان سەرکەوتوو نەبوو و هەموویان سەرلەنوێ گیرانەوە. (9204)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2005-04-00 کوژرانی 2 خاوەن تەکیەی کورد لە موسڵ لەلایەن تیرۆریستە عەرەبەکانەوە. (9242)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2005-04-06 بەهۆی کردەوەیەکی تیرۆریستانە بۆسەر ئیزگەی کارەبای بێجی، شاری هەولێر و دەوروبەری کارەبای زۆر کەم بووەوە. (9219)
سەرچاوەی 1, تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

2005-04-13 بەهۆی هێرشێکی تیرۆریستییەوە لە کەرکوك 3 پۆلیس کوژران و 3ی تریش بریندار بوون. (9225)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2005-04-15 تیرۆرکردنی شەماڵ عەبدوڵڵا ئەسعەدی پەیامنێری کەناڵی کوردسات لە کەرکوك. (9235)
سەرچاوەی 1, سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2005-05-01 لـه پرسـەی ئـەندام لکێکی پارتیدا لە تەلەعفەر تیرۆریستێکی عەرەب خۆیی تەقاندەوە و بووە هۆی کوژرانی 20 کورد و بریندارکردنی دەیانی تر. (9243)
سـەرچاوەی 1, سـەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

2005-05-04 تیرۆریسـتێکی عـەرەب لـە نـزیك هۆڵـی مـیدیای شـاری هەولێر لە ئاپۆرایەکی بەردەم بارەگایەکی پارتی خۆیی تـەقانـدەوە و لـە ئـەنجامـدا نـزیکەی 50 کـەسـی کوشـت و نزیکەی 100 کەسیشی بریندارکرد. زۆربەی کوژراوان و بریندارانی خەڵکی هەژاری هەولێر و دەوروبەری بوون. (9266)
سـەرچاوەی 1, سـەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

*** ئەم دۆکومێنتە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی لە بەرنامەی هاورێنامەوە درووستکراوە**
***ڕۆژ و کاتی دروستکردن: 04-05-2005 10:41:00**
***هاورێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد**
***ڤێرشنی: 1.2.4**
***دانانی: هاورێ باخەوان**

**http://www.bakhawan.com**
**hawreh@bakhawan.com**